# کام کۆمار ؟!

## ئاسۆعەبدوللەتیف

هەمیشە نەتەوەی عەرەب و باڵی شۆڤێنیزمی عەرەبی بە نەزەرێکی شۆڤێنیانەو نالۆژیکیانەوە لە ئەزموونی حکومەتداری کوردیان روانیوەو قەت بەبیریاندا نەهاتوە رۆژێك لەرۆژان نەك کورسییەکی سیادی بەکورد رەوا ببینن بەڵکوخودی نەتەوەی کوردیان هەمیشە بە هیچ زانیوە چەمکی ئەو کورسیە وەکو دەسەڵاتێکی تاکرەو کە لە پاش دەستوری پاشایەتیەوە بوە کورسیەکی بریاردەروئیمزاکەر بۆ کارەساتەکانی کورد، ئێستا کورد بە نیازە لە سەری دابنیشێت بۆیە گرنگە بە ووردیش ئەو پرۆسەی دانیشتنە ئەنجام بدات تا هەمو ماناکانی ئەو کورسیە بگۆرین بە چەمکێك کە بەردەوام لەژێر رۆشنایەکانی دەستورو پرۆژە گەڵاڵەکراوەکانی پەرلەماندا کار بکات، بەو مانایەی ئیتر ئیمزای سەرەك کۆمار بۆ جینۆسایدو ئیبادەکردن و پاکتاوی رەگەزی و ئەنفال و وشك کردنی زۆنگاوەکان و خنکاندنی شیعەکان نەبێت، وە لە ژێر ئەم کۆمارەدا ئیدی ئەبێت هیچ تاکێکی کوردی هەست بە چەوساندنەوەی ئیتنی و رەگەزی نەکات بەڵکو ئەو ئیمزایە ئیمزای نەوەیەکی تازەو بەرهەمی تاکی دەنگدەرو کولتوری هەڵبژاردنەو بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانی و سەوزایی و پرەنسیپەکانی یاساو مەدەنیەت و دیموکراسیەت و سەروەر بونی نەتەوەی کورد بێت هەر تاك و هاوڵاتیەکی کورد یان عەرەب بۆی هەیە هەم شانازی بەو کۆمارو دەسەڵاتەوە بکات و هەم رەخنەشی بکات تا باشترو دیموکراسیتر لەسەر پێی خۆی بوەستێت، کە بەپێچەوانەی جاران کە نەئەمانتوانی شانازی پێوە بکەین نە رەخنەشی بکەین بەڵام ئەبوایە سەد دەر سەدیش دەنگمان پێبدایە ئەمەجگە لەوەی ئەو کورسیە ئەبێت بخرێتەوە جوڵەودەستاو دەست نەك وەستان لەژێر سایەی بنەماڵەو رەنگ و رەگەزو ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا بەڵکو (تداول السلطة) وەك بنەمایەکی تازەی دەوڵەتی ئەبێت بچەسپێنرێت تا هەر نیەتێکی فاشیزمانە بۆ دەسەڵات و هەر روانینێکی تاکرەوانە بنەبڕ بکرێ و بخرێتە چاڵەوە ،چونکە بەدرێژایی تەمەنی ئایدۆلۆژیای کەمینەی دەسەلات ( بەعسیزم ) لە عێراقدا عورف و ترادیسیۆنی حوکم و سیاسەتی تاکرەوانە وای کردوە کە ئێمە وەك کوردو نەتەوە زۆرلێکراوەکانی دیکە تەندروستانەو وەك خۆی لە چەمکی سەرۆك کۆمار نەروانین، ئەم تێگەشتنەی رابردوی تاکی عێراقی و کورد بۆ سەرۆك کۆمار لەوەدا کورت بوەتەوە کە بریتی بوە لە کەسێك بەردەوام ئەفسانەو پیرۆزی و شەجاعەت وشکۆی بەرهەمهێناوەو بۆکەس نەبوە بگاتە ئەو سومبولەودەرگاگانی کۆشك ببەزێنێ و بڵێت منیش هەم، چونکە ئەو کورسیە دەنگی کۆکراوەی خەڵکی نەبوە ئەوەندەی دەنگی کودەتاو شۆرشی چەواشەبوە.

بەتایبەتی لەوکاتەوە کە سیستمی پادشایەتی گۆرا بە سیستمی کۆماری و ئیدی پاش شۆرشی چواردەی تەمموزی 1958 و کۆدەتا سیاسی و عەسکەریەکان بەتەواوی ماناکانی پادشای وولات لە تێفکرینێکی خزمەتکارییەوە گۆردرا بە کۆمارێك لە توندرەوی و مەددێك لە ناسیۆنالیزمی کەمینەی دەمارگیر کە بەزۆری لە پێشدا ئەفسەرە نەتەوەخوازەکان و پاشتر بەعسیە بەناو چەپە لیبراڵەکان رەنگرێژیانکرد، بۆیە خۆبەخۆ کۆماری عێراق دروست بوو بەشێوەیەکی ناتەندروستانەو بە ئاگرو ئاسن و توندوتیژی ئەو بیرۆکەیان لای خەڵکی گەڵاڵەکرد کە سەرۆك کۆمار سەرۆکی خێزانیشەو خزمەتکاری میللەتەو بەرێگەی شۆرش و کودەتای پیرۆز هاتۆتە سەر حوکم و گەل دەنگی داوەتیٚ و کەسیش شایانی ئەو پۆستە نیە، کە دواتر لە پرۆسە گاڵتەجاریەکان و مەهزەلەکانی سندوقی هەڵبژاردندا کولتوری ٪99 چەسپی و ئیدی بۆکەس نەبوو قسە لەسەر شتێك بکات بەناوی سەرەك کۆمارو کۆی ئەو دەسەلات و شوناسە تایبەتانەی پێی دراوە، بەڵام دەرەنجامی روخانی دیکتاتۆریەت و پرۆسەکانی هەڵبژاردن ئەو مەسارەی گۆری بەرەو ئاقارێکی ترو دەشێت ئیدی کۆمار بێتە کۆمارێکی دیموکرات بۆ هەموان، وە هەموانیش بتوانن بەشێوەیەکی شەفاف رەخنە بگرن تا لەم سەرەتایەوە ئەو کولتورە زاڵ بکەین بە سەر کۆی دام و دەزگاگانی کۆماردا تا بۆ ئەبەد ئەو کۆمارەی عیراق چیدی کۆماری ترس و دودڵی و کارەساتەکان نەبێت، بۆیە پێویستی بە چاککردن و ریفۆرمی ریشەیی هەیە وە ئەم ریفۆرمەش گرنگە لە سەر دەستی کەسێتیەکی وەکو کورد ئەنجام بدرێت کە بریارە مام جەلال بێت وەك کاندیدی دەستنیشانکراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەڵام ئایا ئێمەی کورد لەو کۆمارەدا کە دەورە دراوە بە بیری شۆڤێنی و فاشیانە تا چ رادەیەك ئەتوانین خەون ببینین بەو کۆمارەی کە خۆمان بریاردەری بنەرەتی بین تیایدا و تا چ رادەیەکیش بەکردەوە ئەتوانین کار بۆ کورد بکەین وەکو نەتەوەیەك کە سەدەیەك زیاترە خوێنی لیٚ ئەتکیٚ ؟